# مـــرۆڤ و بەختەوەری

خۆشگوزەرانی لەسیستمی ئابوریی ئیسلامیدا

نوسینی
پ.د. عەلی محیّدین قەرەداغی

وەرگێڕانی: ناصح فاتح

چاپی یەکەم2012

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب:  مرۆڤ و بەختەوەری
نوسەر:  پرۆفیسۆر.د. عەلی محیّدین قەرەداغی
وەرگێڕانی:  ناصح فاتح ئاروزەری
تایپ: محمد کەمال
بەرگ: فەرهاد فایەق
چاپ: چوارچرا
ئیمەیل:bangyhaq@yahoo.com
وێب سایت:www.qaradaghi.org

بەرهەمی نوسینگەی راگەیاندنی
پ.د. عەلی قەرەداغی2012

## پێشەکی

یەکێك لەئامانجە سەرەکیەکانی هاتنی پەیامی ئیسلام بۆ مرۆڤایەتی، بۆ ئەوەیە کە سەریان لێ تێك نەچێتو گومڕانەبن و بەئاسوودەیی بژین وەك خوای گەورە دەفەرمویێت ﴿وَاذْكُرُواْ اللّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلَحُونَ ﴾الأنفال45 ﴿وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾آل عمران130.

بەمەش مرۆڤایەتی لەسایەی ژیانێکی کامەرانیو ئاسوودەیدا دەژین، مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە بەشوێن بەختەوەریدا دەگەڕێتو هەموو فەلسەفەو شارستانیە جیاوازیەکان بۆ ئەو مەبەستە دروست بوونو فەیلەسووفەکانیش لە ڕێگەی فەلسەفە جیاوازیەکانیانەوە بەشوێن ئەو نهێنیەدا گەڕاونو هەریەکەیان بەجۆرێك باسیان کردووە، ئەگەر سەرنج بدەین، بەشێکی گرنگ لەقورئان و لەزۆر ئایەتدا باس لەم ئامانجە گرنگە کراوە، قورئان وەك پەیامێکی گشتگیری خوایی، سەرەتا لەناخو دەرونی مرۆڤەوە دەست پێ دەکاتو دەیەوێت لە ڕێگەی ئارامی دەرونو دڵنیاییو حەسانەوەی

ویژدانەوە دەست پێ بکاتو پاشان هانی دەدات کە ئەمە بکاتە کردەوەو لە واقیعیشدا بیسەلمێنێت. قورئان ئەوەی کە بەرێگای ڕاست باسی دەکات ڕاڤەی دەکاتەوە بەرێگەی خۆشبەختیو خۆشگوزەرانی وەك دەفەرموێت: {**مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ** } **النحل**97.

لە ڕوانگەی ئەم ئایەتەوە چاکەکاری و کاری چاك بەرەو ژیانەوەو نوێبوونەوەو گەشەپێدانمان دەبات.

هەروەها لەم ئایەتەی تردا کەدەفەرموێت: {**فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ**} **البقرة**38 واتە" هەرکەسێك بکەوێتە شوێن ئەم پەیامە گومڕانابێتو سەری لێ تێك ناچێتو هەر کەسێکیش پشتی لەم پەیامەکرد ئەوا ژیانی پڕدەبێت لە ناخۆشیو نەگبەتیو لە ڕۆژی دوایشدا بە کوێری حەشر دەکرێت" .

ئیسلام بەختەوەری بە بەختەوەری دەرون ناودەباتو هەمووماڵو سامانو دەسەڵاتێکیش بەهۆکار دەزانێت بۆ بەختەوەر کردنی مرۆڤ، پێغەمبەری خوا(ﷺ)

لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت ( **ليس الغني عن كثرة المال ولكن الغني غني النفس** )

خۆشبەختی لە ئیسلامدا تەنها لە ڕێگەی هۆکارە ماددیەکانەوە نیە، بەڵکو هۆکارە ماددیەکان بەهۆکار دەزانێت بۆ بەختەوەری دەرونی، ئەمەش ئێستا ڕاستیەکی زانستییەو زانایانی بواری ئەندازیاری دەرونی هەموو بەختەوەرییەك لە مرۆڤدا دەگێڕنەوە بۆ لایەنی دەرونیو خەیاڵەکانی مرۆڤو ئەو بیرکردنەوانەی کە مرۆڤ هەیەتی.

ئیسلام مرۆڤ دەکاتە تەوەری بنەڕەتی لە ژیانداو هەموو ئەوەی کە خوای گەورە لە بونەوەردا دروستی کردووە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ بە بەختەوەری بژی وەك دەفەرموێت:{**هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ**}**البقرة**29. هەر لەبەر ئەوەشە هەموو ئەو سیستەمو یاساو شەریعەتەش کە دایناوە لەپێناو بەختەوەری هەردوولایەنی دنیاو دواڕۆژی مرۆڤدایە، ئیسلام دەیەوێت پارێزگاری لە بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ بکات لە ڕێگای پاراستنی نەفسو ماڵو نەوەو ئاین.

له ئیسلامدا خۆشبەختی دوو لایەن دەگرێتەوە، لەلایەك جەخت دەكاتەوە لەسەر بە دەست هێنانی خۆشبەختی لە دنیادا لەلایەكی تریشەوە ئەم بەرژەوەندیە دنیاییانەش پەیوەست دەكاتەوە، بە دواڕۆژەوەو ژیانی دواڕۆژیش بەپێگەی هەمیشەیی مرۆڤ لە قەڵەم دەدات وەك دەفەرمویت:{**وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الْأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ**} **القصص**77

لەم ئایەتەدا دنیاو دواڕۆژ بەیەكەوە گرێ دەداتو داوا لەمرۆڤ دەكات كەئەم هاوسەنگیە بپارێزێت، بەڵام لەهەمان كاتیشدا ماوەی ژیانی هەردوو قۆناغەكەمان پێ دەناسێنێتو دەفەرمویت:{**فَمَا مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ قَلِيلٌ**} **التوبة**38.واتە" ئەگەر سەرنجی ژیانی دنیا بدەین زۆركەمە لەچاو دوا ڕۆژدا كە هەمیشەییە"

بەڵام ئەگەر سەرنجی ژیانی دنیا بدەین هەمووی خۆشگوزەرانیو ئارامیو خۆشەبەختی نیە، بەڵكو چەندان ناڕەحەتیو بەڵاو نەهامەتیو خەمو خەفەتی گەورەی تێدایە، لەم ڕوانگەیەوە هیچ پرۆگرامو پەیامێك نیە وەك

ئیسلام ببێتە پەناگەی ئارامی‌و دڵنەوایی‌و دڵخۆش کردنەوەی دەرونی مرۆڤ، ئیسلام داوا لە مرۆڤ دەکات لەکاتی توشبوون بەو دۆخە ناهەموارانە ئارام بگرێت‌و هەرەس نەهێنێت‌و پشت بەخوا ببەستێت‌و ژیانی لەبەرچاو ڕەش نەبێت، بەڵکو ئارام بگرێت‌و هیوای گەورەی بەسۆزی خوایی هەبێت‌و لە ڕوانگەی ناوە پیرۆزیەکانیەوە باش بیناسێت‌و پشتی پێ بگریت، دڵنیا بێت کە خوای گەورە پشتیوانی دەبێت بۆ چاك بوونەوەو ڕزگاربوون لەو بارودۆخە ناهەموارەی کەتێیکەوتووە.

بۆ ئەم مەبەستەش خوای گەورە هانی دەدات کە ئارام گربێت‌و بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە خۆی بگرێت‌و پشت بەخوا ببەستێت‌و دڵنیاش بێت کە خوای گەورە پشتیوانی لە بەندە چاکەکانی خۆی دەکات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموودەیەکی هەیە دەفەرموێت ( **عجبا لامر المؤمن فأن أمره له خير، فان اصابته سراء شكر فكان خيرا** )واتە: من سەرم سوڕ دەمێنێت لە کاری مسوڵمان، چونکە هەموو کارەکانی چاکەن، ئەگەر خۆشییەکی توش ببێت و سوپاسی خوای لەسەر بکات، ئەوا خوا خێرێکی بۆ دەنوسێت، ئەگەر

زیانێکی توش هات ئارامی لەسەر گرت، خوا چاکەیەکی بۆ دەنوسێت.

ئەمە لەناو پرۆگرامو فەلسەفە دانراوەکاندا نیە، هەر لەبەرئەوەیە کە زۆربەی مرۆڤی بێ باوەڕو ئیمان لاواز لەکاتی تووش بوون بەزیانو بەڵاو ناڕەحەتی ڕوو لەبێ هیواییو کەئابەو خۆ کوشتن دەکەنەوەو یەك تۆز تروسکایی لەژیان بەدی ناکەن.

ئیسلام هەرگیز لەگەڵ هەژاریو نەداریو داواکەوتوویی‌و نەفامیدا نەبووە، بەڵکو بەردەوام مرۆڤ هاندەدات بۆ کوششو کارو ئەنجامدانی کردەوەی باش، وەك دەفەرموێت: {**وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى**} **النجم**39.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی خوای گەورە شێوازی ژیانی کۆمەڵگەکانی بەستۆتەوە بەهەوڵ خەبات و کارو کۆششی مرۆڤەکانەوەو بۆ ئەم مەبەسەتە خوای گەورە بەرپرسیارێتی گۆڕانکاری داوەتەوە دەست مرۆڤەکانو سەرچاوەی پێشکەوتنو خۆشگوزەرانی دەبەستێتەوە بەهەوڵو کۆششی ئەو گەلانەوە وەك دەفەرموێت{**إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ**}

دکتۆر قەرەداغی لەسەرەتای کتێبەکەدا باس لە بەختەوەری دەکات لە قورئانداو لەرووی زمانەوانیەوە هەموو ماناکانی (فلاح) راڤە دەکات و پاشان ئەو ئایەتانە دەهێنێتەوە و دەڵێت (40) ئایەت هەیە لەقورئاندا کەباس لەوشەی (فلاح) دەکات کە دیارترینیان {**قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ**} **المؤمنون**1 ، پاشان باس لەماناکانی بەختەوەری دەکات کە باسە لەبەختەوەری دنیاو دوارۆژ.

هەروەها بەختەوەری پەیوەندیەکی گرنگی بەبواری ئابوریەوە هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ئیسلام خاوەنی فەلسەفەیەکی ئابوریی تایبەتی خۆیەتی، کە رێگای سێیەمە لە نێوان ئابوری بازاڕی ئازادو ئابوری سۆشیالستیدا، ئابوری ئیسلامی لەژێر سایەی جیهانبینی ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێت رێگاکانی بەدەست هێنانی پێویستە بەشێوەیەکی شەرعی بێت، ئەو شەرعی بونە دەیپارێزێت لەوەی کە ئیستغلالی هاولاتیان بکات یان بەجۆرێك هەڵسوکەوت بکات کە بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو نەگرێت، بەمەش دەتوانین بڵێین ئابوریی ئیسلامی خاوەن ئەخلاقێکی تایبەتی خۆیەتیو کار دەکات لەپێناو دابین کردنی خۆشگوزەرانیو

بەختەوەری بۆ کۆمەڵگا، ئەگەر سەرنجی قەیرانە ئابوریە جیهانیەکەی ساڵانی رابردوش بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئابوری بازاڕی ئازاد چۆن بەرەو رووی چەندان قەیرانی گەورە بوەوەو زۆربەی بانکە گەورەکان ئیفلاسیان کرد، ملیۆنان مرۆڤ تووشی زیانی گەورە بوون، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە بڕبڕەی پشتی ئابوریی جیهانی سەرمایەداری (سوو)ە، کە ئەمەش لە روانگەی ئیسلامەوە بە حەرام دادەنرێت، بەڵام ئەزمونی بانکی ئیسلامی بەپێچەوانەوە نەك لەم قەیرانە زیانی نەکرد بەڵکو زۆر گەشەی کردوو ئێستاش کە سەرمایەکەی نزیکەی (300) ملیار دۆلارە بەردەوام لە گەشەکردندایە.

لەبەشی دووەمی ئەم نامیلکەیەدا دکتۆر عەلی قەرەداغی باس لە جیاوازیەکانی بەختەوەری دەکات لەسیستمی ئیسلامی و سیستمە دەستکردە مرۆییەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە سێ خاڵدا باس لەو جیاوازیانە دەکات، ئیسلام بەسیفەتی ئەوەی کە پەیامێکی خواییە تەنها پەیوەست نیە بە دنیاوە لەروویەکی تریشەوە باس لەشتە رواڵەتیەکان ناکات، بەڵکو باس کردنە لە مادیاتو

مەعنەویات، هەروەها لە رووکەش‌و جەوهەر لە دونیاو دوارۆژ.

قەرەداغی دەڵێت هۆکارەکانی بەختەوەری لەئیسلامدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی بنەڕەتی:

1-ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستە بەلایەنە دنیاییەکەوە لە بوونی پارەو خۆش گوزەرانی ئەم هۆکارانەش دەبێت ملکەچ بن بۆ سوننەتەکانی خوای گەورە لەگەردوندا.

2-ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستە بەلایەنی رۆحی‌و ژیانی دواییەوە، کە ئەمەش پەیوەستە بە کۆمەڵێك بواری پەرستش‌و چاکەکاری‌و خۆپاراستن لە تاوان‌و سەرپێچی.

لەبەشی سێیەمدا باس لەلایەنی ئابوریی دەکات‌و بە گرنگترین هۆکارەکانی بەختەوەری‌و ئاسودەیی لەقەڵەم دەدات لە دوای باوەڕ بوون بەخوای گەورە، لەم بارەیەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: (**نعم المال الصالح لرجل صالح**) واتە (ماڵی باش و حەڵاڵ بۆ پیاوی چاك و باشە).

هەروەها لە بەشێکی تری ئەم بەشەدا باس لە رۆڵی ئازادی دەکات بۆ دابین کردنی بەختەوەری دەڵێت: هەرگیز

بەختەوەری بەواتا هەمەلایەنە گشتگیرەکەی لە ژێر سایەی چەوسانەوەو زەلیلیو ژێر دەستەیدا بەدی نایەت، لەبەرئەوە ئیسلام گرنگیەکی زۆر بە ئازادی تاکەکان دەداتو فێریان دەکات کە بێجگە لە خوا بەندایەتی بۆ کەسی تر نەکەن، لە درێژەی ئەم بەشەدا باس لەچەند خاڵێك دەکات کە پەیوەندیەکانی نێوان ئازادیو بەختەوەری دیاری دەکەن.

لە بەشی چوارەمو کۆتایدا دکتۆر قەرەداغی باس لە پەیوەندیەکی نێوان بەختەوەری و گەشەپێدان دەکات، مرۆڤی بەختەوەر بە ئەو مرۆڤە لەقەڵەم دەدات کە هۆشیارو چالاکەو توانای داهێنانو کارکردنو بەرهەم هێنانی هەیە، لەبەرئەوەیە ئیسلام بەردەوام هانی تاکەکان دەدات کە هەوڵی کار کردن بدەنو چاکەو داهێنان کار بنو لەچاکە کاریشدا باشترین چاکە ئەنجام بدەن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم نامیلکەیە توانیویەتی باس لەهەموو لایەنەکانی چەمکی بەختەوەری بکاتو ئەوەش بسەلمێنێت کە ئیسلام پەیامێکە بۆ بەختەوەری دونیاو دوارۆژی مرۆڤەکان هاتوە.

**عومەر عەلی محمد**
**هاوینی** 2012

# بەشی یەکەم

## ( بەختەوەری ) لەقورئان و سوننەتدا
## ( ماناکەی و شوێنی لەئابوریی ئیسلامیدا )

### پێناسەی ( فەلاح ) ( بەختەوەری ) :

(بەختەورەی): چاوگی (فلح)یە بە واتای ئەو شتەی ویستی بەدەسی خست ئەوترێ (الفلاح): ئەوەی ویستی بەدەستی هێنا، ژیانی کۆتایی‌و خۆشیەکانی بەدەست هێنا، لەقورئاندا هاتووە: {**قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ**}[1].

(الفلاح)، بردنەوەی خۆشبەختی ژیانی دونیاو دوارۆژە، (الفلحة) بەکەسری فاء، واتە هەڵسان بەئیشی کشتوکاڵی هەر لەکێڵان‌و تۆو وەشاندن‌و ئاودان‌و وێنەی ئەمانە [2]، (الفلاح) لەزارەوەی ئیسلامیدا واتای: بردنەوەی خۆشبەختی لە ژیانی دونیاو دوارۆژدا،

(الفلاح) واتایەکی زۆرو هەمەلایەنە لەخۆ دەگرێت، گونجاوە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان .. هەروەك لە ڕوانگەی ئایەتو فەرموودەکانەوە ئەم بابەتە زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

ووشەی (أفلح) لەقورئاندا (40 جار) بەرابردو و ڕانەبردو و بکەر هاتووە، (ماوەردی) دەڵێت: ئایەتی {**قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ**}(3) دا، (3) سێ شێواز لەخۆ دەگرێت:

یەکەمیان: واتای بڕواداران دڵخۆش بوون.

دووەم: بەختەوەری واتای مانەوە، واتە کردارەکانیان ماوەتەوە بۆیان، وتراوە: واتای مانەوەیە لەبەهەشتدا.

سێیەم: واتە بەدەست هێنانی داواکارییەکانیان، ئیبن عباس فەرموویەتی: (بەختەوەرەکان) ئەوانەن کە ئەوەی داوایان کرد هاتەدی، رزگاریان بوو لەشەڕو خراپەی ئەو شتانەی کەلەدنیادا رایان ئەکرد لەدەستی... [4] .

راغبی ئەصفەهانی فەرموویەتی: (بەختەوەری یان فەلاح) دوولایەنە: دنیایی‌و، قیامەتیە، دنیاییەکە بەدیهێنانی ئەو شتانەی کە ژیانی دنیای پێ خۆش ئەبێت، کە ئەویش مانەوەو دەوڵەمەندی‌و ناوبانگە .... (بەختەوەری) قیامەتی کە ئەویش چەند شتێکە: مانەوەیەك بێ کۆتایی، دەوڵەمەندیەك بێ هەژاری، سەربەرزیەك بێ سەرشۆڕی، زانستێك بێ نەزانین، لەبەر ئەوانەیە ووتراوە: (لاعیش إلا عیش ألأخرة) خوای گەورە دەفەرموێت: {**وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ**}[5].واتە: ژیانی دوارۆژ ژیان‌و زیندەگی ڕاستەقینەو نەبڕاوەیە ووتەی: (حي علی الفلاح)، واتا بۆ ئەو ئارامیەی کەخوای گەورە لە نوێژدا بۆی دابین کردووین [6].

ووشەی (أفلح) چوار جار هاتووە – {**قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى**} [7] .{**قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا** } [8] .{ **وَقَدْ أَفْلَحَ الْيَوْمَ مَنِ اسْتَعْلَى**}[9]. لەسێ ئایەتدا بەواتای بەختەورەی لەدنیاو دوارۆژدا هاتووە یا تەنها بەواتای (بەختەوەری)

لەژیانی دوارۆژدا هاتووە، بەڵام لەئایەتێکی تردا بەواتای سەعادەتو خۆشبەختی لەدنیادا هاتووە ئەویش لەو ئایەتەدا کەباسی جادوگەرانی فیرعەون ئەکات: {**فَأَجْمِعُوا كَيْدَكُمْ ثُمَّ ائْتُوا صَفّاً وَقَدْ أَفْلَحَ الْيَوْمَ مَنِ اسْتَعْلَى**} [10]. واتە" هەموو هۆکارو فێڵەکانتان کۆ بکەنەوەو هێزو تواناکانتان یەك بخەنو یەکرِیزبن، بەڕاستی هەرکەسێ ئەمڕۆ سەرکەوتوبێت براوەیە"

واتای (تفلحوا) بەمانای خۆشبەختی لەدنیاو دوارۆژدا، کاتێ کە کۆمەڵە گەنجە مسوڵمانەکان بەخەڵکانی تریان ووت: {**إِنَّهُمْ إِن يَظْهَرُوا عَلَيْكُمْ يَرْجُمُوكُمْ أَوْ يُعِيدُوكُمْ فِي مِلَّتِهِمْ وَلَن تُفْلِحُوا إِذاً أَبَداً**} [11]. واتە" ئەگەر دەستگیرتان بکەن بەرد بارانتان دەکەن یان ناچارتان دەکەن تا بگەڕێنەوە بۆ سەرئاینی خۆیانو میللەتەکەیان، ئەگەر وا بکەن ئیتر هەرگیز بەختەوەر نابن"

وشەی (تفلحون) پانزە جار هاتووە کە مانای خۆشبەختی دنیاو دوارۆژی پێ دێتەدی ئەگەر لەگەڵ

ترسانو تەقوای خوای گەورەدابێ، چوار جار لەگەڵیشیدا (الفلاح) هاتووە خوای گەورە دەفەرموێت: {**وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** }[12].

یەك جار هاتووە لەگەڵ پەرستنو كاری چاكەدا {**وَاعْبُدُوا رَبَّكُمْ وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** } (13).

لەگەڵ یادی خواو بەرز ڕاگرتنیو یادی بەخششەكانیدا سێ جار هاتووە { **فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** } [14]

.

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: { **وَاذْكُرُواْ اللّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفَلَحُونَ** } [15] .واتە" زۆر یادی خوای گەورە بكەن تا بەختەوەربن".

خوای گەورە دەفەرموێت: {**وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** } [16] واتە" دوای تەواو بوونی نوێژی هەینی دەربچنو بگەڕێن بەشوێن نیعمەتو بەخششی خوای گەورەدا، لەهەمان كاتدا زۆر یادی خوا بكەن تا بەختەورەو سەرفرازبن"

ووشەی (تفلحون) لەگەڵ تەوبەو پەشیمانیدا یەك جار هاتووە لەقورئاندا: {**وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعاً أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** }[17]. هەمووتان ئەی باوەڕداران بەگشتی تەوبە بکەنو بگەڕێنەوە بۆلای خوای گەورە تا بەختەوەربن.

خوای گەورە ووشەی (بەختەوەر نەبوونی) بۆ بێ بڕوایان لەقورئاندا چوار جار بەکارهێناوە، لەدوای چەند رووداو حوکمێکەوە هاتووە، { **إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ** }[18].

بۆ نموونە ئەم ئایەتە کاتێ هاتووە بەڵگەو نیشانەی خوای گەورە بەدرۆ خراوەتەوە لەئایەتی (21) سورەتی (ألانفال) لەدوای بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەری خوادا، کەخوای گەورە بڕیاری داوە کە خۆشبەختی بۆ ظالم و ستەمکاران مابێت، لەئایەتی (135)ی سورەتی (ألانفال) ئاماژەی پێداوە، لەئایەتی (27)ی سورەتی (القصص)دا دووبارە بۆتەوە.

لەدوای بەجێهێنانی ئەرکی سوپاسگوزاریو وەفاداریو خیانەت کردن لەئایەتی (23)ی سورەتی (یوسف) ئاماژەی پێداوە.

لەگەڵ تاوانباراندا خوای گەورە یەك جار (بەختەوەر نەبوونی) بەکارهێناوە خوای گەورە ئەفەرموێت{ **إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الْمُجْرِمُونَ** } [19] ، لەگەڵ جادووگەراندا دووجار ووشەی (بەختەوەر) نەبونی بەکارهێناوە خوای گەورە دەفەرموێت:{**وَلَا يُفْلِحُ السَّاحِرُ حَيْثُ أَتَى** } [20] . خوای گەورە دەفەرموێت : { **وَلاَ يُفْلِحُ السَّاحِرُونَ** } [21] لەگەڵ بێ بڕوایاندا دووجار بەکاری هێناوە خوای گەورە دەفەرموێت: { **لَا يُفْلِحُ الْكَافِرُونَ** } (22).واتە" تاوانباران، جادووگەرانو فاڵچییەکان هەرگیز بەختەوەرنابن" لەئایەتی (82) لەسورەتی (القصص) دا ئاماژەی پێ دەکات.

خوای گەورە لەقورئاندا دووجار ئاماژەی پێداوە کە (ئەوانەی درۆ هەڵدەبەستن) بەختەوەر نابن لەدوارۆژدا خوای گەورە دەفەرموێت: {**قُلْ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى**

**اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ** } (23) .بلێ :" ئەوانەی درۆ بەدەم خوای گەورە دەکەن هەرگیز بەختەوەر نابن " لەئایەتی دووەمیشدا خوای گەورە دەفەرمویێت: {**إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ لاَ يُفْلِحُونَ** } (24) .

**بەختەوەری لە قورئانی پیرۆزدا بە ڕستەی (المفلحون) بەم شێوازانە هاتووە:**

1- ئەو کەسەی کە تەرازوی چاکەی قورسە دوو جار لەئایەتی (8) سورەتی، {**وَالْوَزْنُ يَوْمَئِذٍ الْحَقُّ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** }**الأعراف**8 (**ألاعراف**)، لەئایەتی (102) ی سورەتی (المؤمنون) {**فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** }**المؤمنون**.102

2- هەرکەسێ خۆی بپارێزێ لە چروکی و نەیهێڵێت لەدەرونی خۆیدا، دووجار لەئایەتی (9) سورەتی (الحشر) {**وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ**

**الْمُفْلِحُونَ** }**الحشر**9 هەروەها ئایەتی (16) ی سورەتی (التغابن) {**فَاتَّقُوا اللَّهَ مَا اسْتَطَعْتُمْ وَاسْمَعُوا وَأَطِيعُوا وَأَنفِقُوا خَيْراً لِّأَنفُسِكُمْ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** }**التغابن**.16

3- ئەو کەسەی کە بڕوای بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەبێتو نوێژ بکاتو زەکات بدات، دووجار لەئایەتی (5) سورەتی (البقرة) {**أُوْلَـئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**}**البقرة**5، هەروەها ئایەتی (5) سورەتی (لوقمان) {**أُوْلَئِكَ عَلَى هُدًى مِّن رَّبِّهِمْ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**} **لقمان**.5

4- هەرکەسێ بانگەواز بکات بۆ کاری چاکەو ڕێگری بکات لەخراپە، لەئایەتی (104) ی سورەتی (أل عمران)

.

5- هەرکەسێ شوێن ئەو نورە بکەوێ کەپێغەمبەرمان محمد (د.خ) هێناویەتی، لەئایەتی (104) سورەتی (أل عمران) {**وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** }**آل عمران**104 .

6- هەرکەسێ بەفەرمانی خواو پێغەمبەری بلێ گوێ ڕایەڵ‌و ملکەچین لەسورەتی (النور) ئایەتی (51) {**إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ الْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** }**النور**.51

7- هەرکەسێ لەپێناو ڕەزامەندی خوای گەورەدا هەرشتێك بکا، لەئایەتی (28) سورەتی (الروم) {**فَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ ذَلِكَ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ يُرِيدُونَ وَجْهَ اللَّهِ وَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** }**الروم**.38

8- هەرکەسێ لەپەیڕەوانی حیزبو لایەنی خوابێت، لەئایەتی (22) سورەتی (المجادلة) {**لَا تَجِدُ قَوْماً يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءهُمْ أَوْ أَبْنَاءهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُوْلَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُوْلَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلَا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ الْمُفْلِحُونَ** }**المجادلة**.22

9- هەرکەسێ تەوبە بکاتو ئیمان بهێنێ‌و کاری چاکە بکا لە (67) سورەتی (القصص) {**فَأَمَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحاً فَعَسَى أَن يَكُونَ مِنَ الْمُفْلِحِينَ** }**القصص**67 .

10- هەرکەسێ هەوڵ بداتو سەرزەوی بگەڕێ لەپێناو دابین کردنی ڕزقی حەڵاڵ، لەئایەتی (10) سورەتی (الجمعة) {**فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**} **الجمعة**10.

ئەتوانین ئەم سێ ئایەتەش بخەینە پاڵ ئەم (10) خاڵەوە ئەوا ئەبێت بە (13 خاڵ)، لە ڕوانگەی ئەم ئایەتانەوە هۆکاری (بەختەوەری ) لەقورئاندا ئەبێت بە (13) هۆکار ئەگەر دابەشمان کرد بە شێوەی ئەوەی کە پەیوەست بە ئابورییەوە بێت ئەوا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

1- ئەوەی کە پەیوەستە بەئابوریەوە، ئەو ئایەتانەی کە کافرو بێ بڕواکان بێ بەری ئەکات لە(بەختەوەر)بوون، پەیوەستە بەهۆکاری ئابورییەوە، چونکە سیستەمی دارایی‌و ئابوریی لە گەورەترینی سستەمەکانە، جا پەیوەندی بە داراییەوە هەبێت، یا بە چۆنیەتی پەیداکردنیەوە بێ، بە دەربڕینێکی ئابورییانە

تر پەیوەندی بەسستەمی بەرهەمەوە بێت یا ئاڵوگۆڕ، یا دابەشکردن یا بەکارهێنانەوە بێت.

2- زۆربەی ئایەتەکان کەمانای (بەختەوەرەبوون) لەخۆبگرێت لەلایەنی ئابوریدایە.

**یەکەم:** هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: {**قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ ، وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ ، وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ ، وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ ، وَالَّذِينَ هُمْ لِأَمَانَاتِهِمْ وَعَهْدِهِمْ رَاعُونَ ، وَالَّذِينَ هُمْ عَلَى صَلَوَاتِهِمْ يُحَافِظُونَ**} [(25)].

ملکەچی لەنوێژداو پارێزگاری کردن لە نوێژ ئەبێتە هۆکاری بە هێزبوونی هەستکردن بەچاودێری خوایی، ترسان لە خوای گەورە، بێگومان بە دوایدا پابەندی ئەخلاقی بەرزی ئیسلامی دێتە کایەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەبەرهەمهێنانو ئاڵوگۆڕو، بەکارهێنانو دابەشکردندا، قورئانی پیرۆزیش خۆی ئەرکی نوێژو پەیامی نوێژ لەوەدا کۆدەکاتەوە کە ڕێگری لە خراپەو زیان گەیاندنو عەزێتدانی خەڵکیو

بەهەدەردان دەگرێت هەروەك لەئایەتێکی تردا دەفەرموێت: {**اتْلُ مَا أُوحِيَ إِلَيْكَ مِنَ الْكِتَابِ وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ**}(26) .

دوورکەوتنەوە لەگاڵتە جاڕیو ڕابواردن، هۆکاری بەدەست هێنانی ئیشی حەلاڵو چاکە بۆ مرۆڤ، چونکە (لغو) واتە (باطل) هەروەك (ئیبن عباس) دەفەرموێت: واتە: درۆ، هەروەك السدی دەفەرموێت یان (لغو) بەواتای (معاصی) واتە سەرپێچی هەروەك (الحسن) (27) دەفەرموێت: ئەم دەستەواژانە هەموو کاریگەری ئەبێت لەسەر بەرهەمو، ئاڵوگۆڕو، دابەشکردنو، بەکارهێنان بەسلبی، نەهێشتنی کاریگەری ئیجابی دەبێت لەسەر هەموو شێوازەکانی بەرهەمهێنان.

بەجێهێنانی ئەرکی (زەکات) ئەمە لەسیستەمی ئابوریدا ئەبێتە هۆکاری دابەشکردنو یارمەتی دانی کۆمەلایەتی.

**دورکەوتنەوە لەزیناو خراپەکاری پەیوەستە بەسیستەمی ئابوریەوە لەچەند ڕوویەکەوە:**

أ- لایەنی ڕەوشتو بەهاکان لەئابوریدا هەروەك ئاماژەمان پێدا.

ب- پاراستنی گرنگترین هۆیەکانی بەرهەم هێنان، چونکە مرۆڤ کاتێك زیناو خراپەکاری کرد ئەبێتە هۆکاری توشبون بە نەخۆشیەکانی (ئایدزو - زهری) کە سەرمایەیەکی زۆری مرۆیی‌و دارایی بەهەدەر دەبات، مرۆڤ خۆشی هۆکارەکەیەتی.

ج- هاندان بۆ دروست کردنی خێزانی بەرهەم هێنەر لەجیاتی سەرگەردانی‌و خراپەکاری.

چاودێری کردنی ئەمانەتو پاراستنی پەیمان دێت لە ڕێی پاراستنی ئەو بەڵگەنامەو ڕێکەوتنانەی کەلەسەر شتێك ئەکرێت، هەروەك چۆن ڕەچاونەکردنی ئەبێ بەهۆی ئەوەی کە قۆناغەکانی جموجۆڵی ئابوریی دەخاتە مەترسیەوە ئەوانیش: فێڵو خیانەت کردن، نەپاراستنی ئەمانەت، کە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە

چەندین کۆمپانیاو بانك زیانێکی زۆر بکەن، کۆمپانیای دڵنیایی کۆمەڵایەتی چەند ملیار دۆلارێك لەماڵی دەوڵەت بەهۆی خیانەتو نەپاراستنی ئەمانەت دەدات بەفیڕۆ.

بۆ نموونە: باسی نوسینگەی تاوانی ئەمەریکی بکەین کلفەیەکی زۆری داوە لە پێناو داگیرکردنی موڵکی ئەمەریکی لە ڕێی دڵنیایی کۆمەڵایەتی ساڵانە بەڕێژەی (20) ملیار دۆلار [28]، زۆربەی ڕووداوەکانی ئیفلاسی ئابوری وەك فێڵو تەڵەکەبازی، سەرەنجام ئەبێتە هۆی (إفلاس) بوونی کارگەو کۆمپانیاکان، یەکێ لەهۆکاری (إفلاسی) هەرفێڵو تەڵەکەیەکە، هەروەك چۆن چەند دەزگاو کارگەو کۆمپانیایەکی ئەمەریکی (إفلاسی) خۆیان ڕاگەیاند لە دوای ڕووداوی (11) ی سێپتەمبەری 2001.

**دووەم:** خوای گەورە دەفەرموێت : {**قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى**} [29] .

هەندێك لەڕاڤەكارانی قورئان ڕاڤەی ئەكەن بەدانی زەكاتی (فطر) واتە (سەرفیترە) یا بەدانی زەكات بەگشتی، لەبەرئەوە ئەو ئایەتە چۆتە بازنەی ئابورییەوە، هەندێكیان راڤەیان كردووە بەچاككردنەوەی دەرونو نەهێشتنی نەخۆشیە دەرونیەكان [30]. هەروەك چۆن خوای گەورە لە ئایەتێكی تردا دەفەرموێت: {**وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا** } .. {**قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا** } [31] .واتە" (بەختەوەر) ئەو كەسەیە كەدەرونی خۆی بەزیكرو یادی خوای گەورە پاڵفتە كردوە، كرداری چاكە ئەكات، یا بەواتای: بەختەوەر ئەو كەسەیە كە دەرونی خۆی بە گوێڕایەڵی فەرمانی خوا پاڵفتە دەكات [32] .

ئەم واتایە پەیوەندیەكی پتەوی بەیەكێك لەسەرەكیترین هۆیەكانی بەرهەم هێنانەوە هەیە كەئەویش مرۆڤە - هەروەك باسكرا - .

**سێیەم:** خوای گەورە دەفەرموێت : {**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ الرِّبَا أَضْعَافاً مُّضَاعَفَةً وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**} (33).

ئەم ئایەتە ئەچێتە بازنەی ئابورییەوە لەڕێی حەرام کردنی (سوو) بەحەرامێکی (قطعي)، پێناسەی دەکات بەچەند جارە ئەمەش بۆ دەرخستنی واقیعی کۆمەڵگەی جاهیلیە کە (سوو) تیایدا چەند قات بووە، یان رونکردنەوەی ئەوەی کەسەرەنجام بەرەو ئەو چەند بارەیە دەڕوات لەکۆمەڵگە ڕیبەویەکاندا زانینی خراپیەکانی (سوو)، لەبەرئەوە خوای گەورە بەتەواوی‌و رەهایی بەکەمی‌و بەزۆری لەئایەتەکانی (البقرة) لەکۆتاییەکەیدا هاتووە (34) .

**چوارەم:** خوای گەورە دەفەرموێت : {**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**} (35). ئەم ئایەتەو ئەوەی پێشتر کەباسمان کرد، دەدوێ لەبارەی ئەو کۆتو

بەندانەی کەلە موڵکیەتی بەرهەمهێنان، بەکاربردن، دابەشکردن، ئاڵوگۆڕکردن دانراوە، چونکە ماددەی سەرخۆشکەرو قومار نابێت هیچ کەسێك خاوەنی بێت.

هەروەها هۆکارەکانی بەرهەم هێنان دیاری دەکات کە نابێت لەشتە قەدەغەکراوەکاندا بێت، هەروەها نابێت بەکاربهێنرێت لەخواردنو هەرجۆرە مامەڵەیەکدا، بەڵام (سوو) بەهیچ شێوەیەك دان بە بوونیدا نانرێت لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە پارە نادرێت بەکرێ، ئەو کات پارە هیچ سودێکی تێدا نابێت بۆ کۆمەڵگە.

**پێنجەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: {**قُل لاَّ يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ فَاتَّقُواْ اللّهَ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**} (36). ئەوە باس لەناوەڕۆکی ئابوریی ئیسلامی دەکات، کەئەویش بابەتی (طیباتە) واتە" نازو نیعمەتو ئەوشتانەی کە سودی بۆ کۆمەڵگە هەیە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ئەو سەرچاوانەی کە حەڵاڵن لە شەرعدا، هیچ ڕێگری یەك لەبەردەم هیچ بوارێکی ئابوریدا نیە کە ڕێگری لێ بکات.

**شەشەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: {**وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** }[37]. ئەم ئایەتە واتای جێنشینی، یا هێز بەڕاشکاوی، هێزو توانای لاشەیی [38] ئەگرێتە خۆی، ئاشکراشە بەهێزی عەقڵی‌و لاشە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت تیایدا، بەڵام جێنشینی واتە جێگیری لەسەر زەوی‌و بەکارهێنانی هێزو تواناکانی ئەو دوولایەنە ئەگرێتە خۆی:

أ- گرنگی نیعمەتی جێگیری‌و دامەزراوەی.

ب- پێداگری لەسەر دیارترین تایبەتمەندیەکانی ئابوریی ئیسلامی لەسەر بنەمای جێنشینی دامەزراوە، ئەمیش بیرو بۆچونێکە لەسەر بیرو باوەڕی (ئایدۆلۆجی) تایبەت بەخۆی، ئەویش ئەوەیە کە موڵکی ڕاستەقینە – لە ناویاندا پارەو سامان، هەموو هۆکارەکانی بەرهەم – هی خوای گەورەیە، ئادەمیزاد تەنها جێنشینە تێیدا، پێویستە ڕەچاوی مافی خاوەنی ڕاستەقینە بکات، بونی هەندێك لەکۆتو بەند

لەبەرهەمهێناندا، یا لەئاڵوگۆڕ، یا لەبەکارهێنانو دابەشکردندا، لەپێناو خۆشگوزەرانی و بەرژەوەندی گشتیدایە.

**حەوتەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: { **وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** } [39]. لەم ئایەتەدا خوای گەورە جەخت لەتایبەتمەندی ئابوریی ئیسلامی دەکات، چونکە تایبەتمەندیەکەی بەندە لەسەر بەندایەتی بۆ خوای گەورەو، کاری چاکە کەلەمەدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت لە دابەشکردنی دادپەروەرانەو، هاریکاری کۆمەڵایەتیدا.

**هەشتەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: {**فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** } [40]. لەم ئایەتە پیرۆزەدا بانگەوازێکی ئاشکرا یا بەشێوەیەکی فەرمان کردن خوای گەورە داوا لەبەندەکانی دەکات بڕۆن بەشوێن ڕزقو ڕۆزیدا بگەڕێن، ڕاستەوخۆ لەدوای نوێژەکان، پێویستە هیچ کەسێك لەمزگەوتدا نەمێنێتەوە کارو کاسبی بەجێبهێڵن بەبیانوی خۆ خەریك کردن بەهەندێ

لەدروشمە ئاینیەکانەوە، بەڵێ ئەوە گەورەترین بانگەوازە بۆ هەوڵو بەرهەمهێنان لەڕێی کارو کاسبی حەڵاڵەوە.

(ماوەردی) دەفەرموێت: (لەعەراکی کوری مالیك دەگێڕنەوە کەئەو هەرکات نوێژی جومعەی تەواو دەکرد، دەڕۆیشتو لەبەردەم دەرگای مزگەوت ڕادەوەستا، ئینجا دەیووت: پەروەردگار من وەڵامی بانگەوازەکەی تۆم دایەوەو نوێژە فەرزەکەم بەجێ هێنا، هەروەها هەروەك فەرمانت کردبوو، بڵاوبومەوە، خوایە تۆش ڕۆزیم بدە لە نیعمەتو زیادە بەخششی خۆت، تۆ باشترین ڕۆزی دەریت) .

پاشان ماوەردی لەکۆمەڵێك لەسەلەفەوە دەگێڕێتەوە لەوانە (مقاتلو ضەحاك) کەراڤەی:{**وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ**}بەهەوڵ بۆ بەدەست هێنانی رزقو ڕۆزی کردووە لە ڕێگەی کڕینو فرۆشتنەوە [41]. واتە: بازرگانی، بەڵام ئایەتە کە گشتییە گەڕان بەشوێن ڕۆزیدا، جا لە ڕێگەی

هەر هۆکارێکی دروستو حەڵاڵەوە بێت، بازرگانی بێت، یان پیشەیی یان کشتوکاڵی... هتد.

**نۆیەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: {**وَالَّذِينَ تَبَوَّؤُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ**} [(42)]. واتە: ئەوانەی ماڵو لانکەی ئیمانو باوەڕیان سازکرد، ڕەوشتیان وایە کەئەوانەی کۆچیان کردووە بۆ ناویان خۆشیان دەوێنو لەسینەو دەرونیاندا هیچ شتێ نیە بەرامبەریان، زیاد لەوەش لەخۆ بوردەنو فەزڵی ئەوان دەدەن بەسەر خۆیانداو شتێ کەخۆشیان پێویستیان پێی بێت، بەبراکانیان دەبەخشن، جا هەر کەسێ دەرونی خۆی لە چروکی بپارێزێ ئەوانە بەختەوەرو سەرفرازن.

ئەمە یەکێکە لەتایبەتمەندیەکانی ئابوریی ئیسلامی کەجەخت لەسەر بەخشینی ئارەزومەندانە دەکاتەوەو هانی کاری خۆشبەختانە دەدات.

**دەیەم:** خوای گەورە دەفەرموێت: {**فَأَمَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحاً فَعَسَى أَن يَكُونَ مِنَ الْمُفْلِحِينَ** } [43]. خوای گەورە تەوبەو پەشیمانیو باوەڕهێنانو کرداری چاکەی کردووە بەیەکێ لە هۆکارەکانی (بەختەوەری) هەردوو رەگەزە سەرەکیەکە لە بەها ئاینیو ڕەوشتیەکانن کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە چالاکبوونی ئابوریی ئیسلامیدا، کرداری چاکە لە هۆکارە گرنگەکانی بەرهەمهێنانە – هەروەك چۆن لای پەروەدگار وون نابێت.

**( الفلاح ) لەسوننەتی پێغەمبەردا(ﷺ):**

وشەی(الفلاح) و هاوشێوەکانی زۆرهاتووە لە فەرموودەی پێغەمبەردا (ﷺ) [44]، هەروەك دەفەرموێت لەبارەی ئەو عەرەبە دەشتەکیەی کەتەنها فەرزەکان بەجێ ئەهێنێت ئەفەرموێ : (أفلح إن صدق) [45] . هەروەك لە فەرمودەیەکی تر دەفەرموێت: (قد أفلح من أخلص قلبه للأيمان) [46] .

## بەشی دووەم

**جیاوازی لەنێوان (بەختەوەری) (فەلاح) لەسیستەمی ئیسلامیو سیستەمە دەستکردە مرۆییەکاندا:**

لە ڕوانگەی تێڕامانو بەدواگەڕان لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەی پێغەمبەرەوە، بەروونی دەردەکەوێ کە (بەختەوەری) لە ئیسلامدا هاوڕایە

لەگــەڵ (بەختــەوەری) لەسیســتەمە وەزعیــەکان لــە روانگـەی خۆشـگوزەرانیو پێشکەوتنو ئاسایشی مـادیو کۆمەڵایــەتیو ئابوریــدا، بــەڵام جیــاوازە لەهــەموو سیستەمە دەستکردە دانراوییەکانی مرۆڤ لەم خاڵانەدا:

**یەکەم:** (بەختەوەری) لەئیسلامدا خـاوەنی چـەمکێکی فرە لایەنو رەهەندە، هەموو پێکهاتەکانی ژیـان و مـرۆڤ دەگرێتــەوە، چــونکە (بەختــەوەری) تێگەیشــتنێکی گشتگیری هەیە بۆ خۆشبەختیو ئارامی گیـانو دەروونو لاشە، بە دەربڕینێکی تر هەموو خۆشبەختیەکی لایەنی جەستەییو دەروونی، نهێنیو ئاشکرا لەخۆدەگرێت.

هــەروەها هــەموو خۆشــبەختیەکەی لایــەنی ژیــانی سیاسیو سەربازیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو هاوشێوەکانی لەخۆ گرتووە.

بــــەڵام (بەختــــەوەری) لەسیســــتەمە دەســــتکردە مرۆییەکانـدا تـەنها لەبازنـەی رووکـاری دەرەوەی مـرۆڤ دەخولێتەوە بێ گوێدانە لایەنی دەروونیو ڕۆحی مرۆڤ، جەسـتەی مـرۆڤو ئارەزووەکـانی بـێ گوێدانـە لایەنـەکانی

تر، له بازنەی دارایی‌و یاسایی بێ گوێدانه بازنـەی ڕۆح‌و جیهانی دوایی، (بەختەوەری) تیایدا تـەنها خۆشـبەختی روکاری دەرەوەی مرۆڤە، که ئەویش خۆشبەختی بـوونی دارایـی‌و پارەیـە، خۆشـی‌و لـەزەت‌و رابـواردنی سێکسـی‌و حەزه دنیاییەکان، خۆشبەختی له بەدیهێنانی ناوبـانگ‌و دەسەڵات‌و هاوشێوەکانیدا.

(بەختـــەوەری) لـــەئاینی ئیســـلامدا بـــەمانای خۆشبەختی‌و سـود وەرگـرتن لـه هـەموو شـته پـاك‌و ڕێ پێدراوەکاندا دێت، بۆ هەموو قۆناغه جیاوازەکانی ژیـان دەگونجێت، لەبەرئەوەی ئاینی ئیسلام ئـاینێکی گشـتگیره و تێڕوانینێکی گشتگیری هەیه بۆ مرۆڤ‌و ژیان، دەیەوێت کـەمرۆڤ ژیـانێکی گشـتگیر بـژی، هـەروەك خـوای گـەورە دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ } [1].واته: وەڵامی خوای گەورە بۆ پێغەمبـەر بدەنـەوە کاتێـك بانگتـان دەکـەن بـۆ یاسـاو بەرنامەیەك کەمایەی ژیـانێکی سـەربەرزانەی دنیـاو دوا ڕۆژی ئێوەیە.

**دووەم:** ژیان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هەتا هەتاییە بە مردن کۆتایی نایەت، بەڵکو مردن لە ڕاستیدا یەکێکە لە وێستگەکانی ژیان، بۆ دەستپێکردنی ژیانی هەتا هەتایی لە خۆشیەکی بەردەوامدا، یا لە ناخۆشیەکی بەردەوام دا، لە بەهەشتێکی هەتاهەتایی، یا لە ئاگرێکی بەردەوامدا، لەبەرئەوە (بەختەوەری) لە ئیسلامدا گەشتنە بەسەرکەوتنو چێژ وەرگرتن لەحەڵاڵو پاکەکان، ئەمەش لە دیدگای ئیسلامەوە، تەنها بۆ دنیا نیە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ دواڕۆژ، زیاد لەوەش بەدڵنیایی سەرکەوتنو بەختەوەری دواڕۆژ بنچینەیە.

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: { **وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ** } [2] . وقال تعالى : {**كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ وَما الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلاَّ مَتَاعُ الْغُرُورِ**}[3].واتە :" بێگومان ماڵو ژیانی دواڕۆژ ژیانێکی ڕاستەقینەو شیاو هەتا هەتاییە ئەگەر بتانزانیایە" دەفەرموێت: (هەرکەس رزگاری بێت لە

ئاگری دۆزەخ و بچێتە ناو بەهەشت ئەوە سەرکەوتو و براوەی راستەقینەیە، ژیانی دنیاش تەنها چێژێکی کاتیە کە مرۆڤ توشی سەرکەشیو لوت بەرزی دەکات)، بەڵام (بەختەوەری) - خۆشبەختیو هەوڵو تەقەلاو رابواردن بەشتە پاكو چاکەکان - لە ڕوانگەی سیستەمە دەستکردە مرۆییەکان گەمارۆ دراوەو لەبازنەی ژیانی دنیادا دەرناچێت، چونکە لای ئەوان مردن کۆتایی قۆناغی مرۆڤە.

**سێیەم**: هۆکارەکانی (بەختەوەری) لە ڕوانگەی ئیسلامەوە جیاوازە لە هۆکارەکانی سیستەمە دەستکردە مرۆیی یەکاندا هەروەك ئاماژەی پێ دەکەین.

## هۆكارەكانی ( بەختەوەری )

**هۆكارەكانی ( بەختەوەری ) لەسیستەمی ئیسلامدا ئەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆكاری بنەڕەتی:**

**هۆكاری یەكەم**: ئەو هۆكارەی كە پەیوەستە بەلایەنە دنیاییەكەی مرۆڤ كە بوونی پارەو خۆشگوزەرانی دەگرێتەوە، وەهێزو دامەزراوی، ئەم هۆكارانە ئەبێ ملكەچ بێ بۆ سوننەتو یاساو خوا لە گەردووندا كەچۆنیەتی بەدەست هێنانیماڵو دارایی‌و

خۆشـــگوزەرانی، ســـەرکەوتنو کـــارکردنو داهێنـــانو، بەدەســـتگرتن بـــە هۆکارەکـــانی ئـــاوەدان کردنـــەوە دەگرێتەوە .

**هۆکاری دووەم**: ئـەو هۆکـارەی کەپەیوەسـتە بەلایـەنی روحیو ژیانی دوایی مرۆڤەوە، ئەمەش بەدی دێت لە:

أ- پەرسـتنی خـوای گـەورەو یـادکردنو، سوپاسـکردنی، هەست کردن بەچاودێری خواییو ترسان لێی، گەیشـتن بـەو ئاسـتەی کـەبڕوات وابێـت خـوای گـەورە بـەردەوام دەتبینیّو چاودێریت ئەکات (**أن تعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فأنه يراك**) [4] .

{ **وَاذْكُرُواْ اللّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلَحُونَ** } [5] .واتـە" یـادی خـــوا زۆر بکـــەن تـــا بەختـــەوەربن" . خـــوای گـــەورە دەفەرموێـت: {**فَـاذْكُرُواْ آلاء اللّـهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** } [6] . یادی دروسـتکراوانی خـوا بکـەن، لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر بکەن تا بەختەوەربن .

(بەختـەوەری) بـاوەڕدارو خۆشـگوزەرانی لـە ڕاگـرتنی سـنورەکانی خـوای گەورەدایـە، وەرگـرتنی پەشـیمانی

مـرۆڤ لـەدنیادا دەبێـت، پاشـان کۆتاییەکـەی بەهەشـتو شـادبوون بەدیـداری خـوای گـەورە دەبێـت، جگـە لـە خۆشبەختی کەلەدنیادا دەستی دەکەوێت.

ب- ڕازی کردنـــی دایـــكو بـــاوكو خزمـــانو هـــەموو خەڵکان، بەتایبەتی گەداو هەژاران، چونکە ڕازی بـوونی هـەژاران مایـەی (بەختـەوەری) یـە لـە ژیـانی دنیـاو دوا ڕۆژدا، چونکە بـاش بـوون لـە گەڵیانـداو نانـدان پـێ یـان کاریگـــەری بـــاش لەســـەر دەروونیـــان دروســـت دەکـــات: {**وَيُطْعِمُونَ الطَّعَامَ عَلَى حُبِّهِ مِسْكِيناً وَيَتِيماً وَأَسِيراً إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاء وَلَا شُكُوراً** } [7] .واتە" بەخۆشی خۆیان خواردن دەبەخشـن بەهـەژارانو بێ باوکانو گیراوەکان، لەبەرامبەریشدا منـەت ناکـەنو دەڵـێن: ئێمـە تـەنها لەبـەر ڕەزامەنـدی خـوا ئـەم کـارە دەکـەین، بۆیـە پاداشــتو ســوپاسمان لــە ئێــوە ناوێــت، چاوەڕێی پاداشتی خوای خۆمانین"

ج- چاکەکاریو کـرداری بـاش { **وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** } [8] . کاری باش ئەنجام بدەن تا بەختەوەربن.

د- نەکردنی ستەمو ئەنجام نەدانی سەرپێچیو تاوان.

ئەمە پوختەی ئەو هۆکارانەبوو کە مرۆڤ بەرەو بەختەوەری دەبات لەدیدی ئیسلامەوە، هەروەك ئایەتە قورئانیەکانیش جەختیان لەسەر کردەوە، بەڵام هۆکارەکانی (بەختەوەری) لەسایەی سیستەمە دەستکردەکانەوە تەنها ئەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دنیای وەك، دەوڵەمەندیو ئیسراحەت، نیعمەتە زۆرەکان، لەش ساغیو نەبوونی هەژاری، نەبوونی بەڵاو موصیبەتو گیرو گرفتە دنیاییەکان، لەکاتێکدا ئەمانە لای مرۆڤی بڕوادار ئەگەر توشی بەڵایەك هات ئەوا قەناعەت ئەکاتو ڕازیە لەبەشی خۆیو ئارام دەگرێ لەسەری، بەڵکو ئەگاتە ئەوەی کە سوپاسی خوای گەورە بکات، لەبەر ئەو ئەجرو پاداشتەی کەلەلایەن خوای گەورەوە دەستی دەکەوێت، سەرەنجام پێوانەو سەرچاوەو تەرازووەکان جیاوازن، سەرچاوەو تێڕوانینەکان، دواجار هۆکارو بەرهەمەکان جیاواز دەبێت بۆ (بەختەوەری) لە ئاینی ئیسلامو سیستەمە مرۆییەکاندا (بەختەوەری)

بەمانای خۆش گوزەرانیو هەولّو چێژ وەرگرتن لەشتە پاكو ڕێ پێدراوەكانە.

**هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی (بەختەوەری) لێپرسراوییەكی تاكو كۆمەڵە:**

(بەختەوەری) بەمانای – خۆش گوزەرانیو، هەوڵدانو، چێژ وەرگرتن لەشتە پاكو حەلاڵەكاندا – لێپرسراوێتی تاكە لەدیدی ئیسلامدا لەسەر هەموو تاكێك پێویستە هەوڵی بۆ بدات لەڕوانگەی ئەو هۆكارانەی كەباسمان كرد، چونكە خوای گەورە داوامان لێ دەكات بەئیش كردنێكی دڵسۆزانەو لێپرسراوانە بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیو (بەختەوەری)، بەڵكو خوای گەورە فەرمانی داوە بەهەوڵدان بۆ پەیداكردنی

سەروەتو سامانو کاسبی حەڵاڵ هەتا لەڕۆژی هەینیشدا کە ڕۆژی پشووی مسوڵمانانە بەبێ وەستان، خوای گەورە دەفەرموێت: {**فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ** }[9] فەرمانی داوە بە مسوڵمانان کە هەوڵ بدەنو بگەڕێن لەسەر زەویدا تا بزانن چ سودێکی هەیە تا بیدۆزنەوەو بەرهەمی بهێنن، هەموو ئەو کانزاو شتە سوود بەخشانە، تا لە خۆشبەختی مرۆڤایەتیدا بەکاری بهێنن هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: {**هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ**}[10] واتە" خوای گەورە زەوی بۆ ئێوە رامهێناوە، بەکون و کەلەبەرەکانیدا بگەڕێنو لەرۆزیەکانی بەهرەمەند بن ئێوەش تیایدا بۆلای ئەو دەگەڕێنەوە" لەم بارەوە بەڵگەکان زۆرنو ناتوانین هەمووی باس بکەین.

لەلایەنی مادیشەوە پێغەمبەری پێشەوا محمد ﴿ﷺ﴾ڕێی ئەگرت لەوەی کە خێرو صەدەقە بدرێت بە

کەسێك کە توانای ئیش کردنی هەبێت، بۆ ئەوەی خۆیان ئیش بکەنو چاو لە دەستی خەڵك نەبن هەروەك فەرموویەتی: (الصدقة لفني ولالذي مره سوى) [11] بەڵام لەتەنیشت ئەم باسانەوە (بەختەوەری) بەم واتایە تەنها لە بازنەی تاکدا بە دینایەت، بەڵکو لێپرسراوێتیەکی دەستە جەمعیە کەخۆی دەبینێتەوە لە دەوڵەتو کۆمەڵگەو ڕێکخراوە مەدەنیەکاندا، ئیسلام فەرزی ئەکات لەسەریان کە هەوڵو کۆشش بکەن بۆ (بەختەوەری) لە ڕێی بەدیهێنانی ژینگەیەکی گونجاو، لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی عەدالەتو دادپەروەری بەشێوەیەك خۆشگوزەرانی بەرهەم بهێنێت.

بۆنموونە: پێویستە لەسەر دامو دەزگاکانی دەوڵەت بەدیهێنانی ئاسایشی ئابوریی، یاسایی‌و کۆمەڵایەتی‌و پەروەردەیی بەدیهێنانی ئاسایشی دەرونی پێ بێتەدی، ئاسایشی مادی، هەتا ئاسایشی (ئاینی) کەبێگومان دەوڵەت بەرپرسیارە لە بەدیهێنانی لە ڕوانگەی چەند بنەمایەکی یاسای دژە شەڕو خراپەو هاندەر لەسەرچاکە

بـۆ کردنـی چـاکەو خێـرو، لێپرسـینەوەو ئامۆژگـاریو هەموو ئەو هۆکارانەی کـە خزمـەت بـەم لایەنـە ئـەکات، پێویسـتە لەسـەر کۆمەڵگـەو ڕێکخـراوە مەدەنیـەکان کـە هەڵسـن بـە بـەجێهێنانی ئـەرکی (حسـبة) لـە هـەموو بوارەکانی ژیاندا، چونکە بەشێك لـە بەختـەوەری بـەبێ هاوکـاریو هانـدانی دەوڵـەتو ڕێکخـراوە مەدەنیـەکان نەبێت نایەتەدی.

## بەشی سێیەم

### لایەنی ئابوریی بەختەوەری

لەبەرئەوەی (الفلاح) بریتیە لە بەختەوەریو بەدەست هێنانو چێژ وەرگرتن لە حەڵاڵو شتە پاکەکان لە دنیاو دوارۆژدا، بێگومان ئەمەش بەئاشکرا بەڵگەیە لەسەر گرنگی تێر بوونی مرۆڤ لە پێداویستیەکانی ژیان (الحاجیات) تا خۆشبەختی لەدنیادا بەدی بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە خۆشبەختیو بەختەوەری تەواو ئەوەیە کە قورئان باسی کردووە لە ڕوانگەی ئەو دوعایەی لەم

ئایەتە قورئانیەدا باسكراوە {**رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ**}[1] واتە" پەروەردگار لە دنیادا خێرو چاكەمان پێ ببەخشە، لە دواڕۆژیشدا چاكەمان بهێنە ڕێگەو لە سزای ئاگر پارێزراومان بكە" هەروەك قورئان بە (الخیر) ناوی بردووە كە دەفەرموێت: {**وَقِيلَ لِلَّذِينَ اتَّقَوْاْ مَاذَا أَنزَلَ رَبُّكُمْ قَالُواْ خَيْراً**} [2]. "وترا بەو كەسانەی لە خواترس‌و پارێزگارن، ئایا خوای گەورە چی بۆ ناردونە خوار، وتیان: خەیرو چاكە".

لە ڕاستیدا ئیسلام بۆ ئەوە هاتووە تا بەختەوەری‌و چاكە لەدنیاو دواڕۆژدا بۆ مرۆڤ بەدەست بهێنێ، سەرەتا لە دنیاو پاشان لە دواڕۆژ، لێرەوە دەزانین دابین كردنی ماف‌و پێداویستیە دنیاییەكان بەشێكی گرنگە لە بەختەوەری لە دیدگای ئیسلامەوە، چونكە ئیسلام تەنها ئاینی دواڕۆژ نیە، بەڵكو هاتووە بۆ سازدانی بەهەشتێك (ژیانێكی خۆش) لە دونیادا، پاشان سەرفرازی هەتا هەتایی لەدوارۆژدا.

لەگرنگترین هۆکارەکانی بەختەوەریو ئاسودەیی لەدنیادا - لەدوای باوەڕ بوون - بریتیە لەبوونیماڵو سامان لای مرۆڤ چێژ وەرگرتن لەو سامانو دارایيە، لەبەرئەوە خوای گەورە بە (الخير) ناوی بردووە، وەك دەفەرموێت (وإنه الخير — واتە سامان - لشديد) [3] واتە: مرۆڤ لە خۆشەویستی ماڵو ساماندا زۆر توندە، پێغەمبەری خواش ﴿ﷺ﴾دەفەرموێت: (نعم المال الصالح للرجل الصالح) [4]"ماڵی باشو حەلاڵ بۆ پیاوێکی چاكو چاکەخواز باشو شیاوە".

(ئیبن ئەبی دونیا) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﴿ﷺ﴾فەرمويەتی: (ليس خيركم من ترك دنياه لآخرته، ولا من ترك آخرته لدنياه ، حتى ينال منها ، فإن كل واحدة منها مبلغة إلى الأخرى ، ولا تكون كلاً على الناس) [5] .

چاکترینتان ئەو کەسە نیە دنیا واز لێ بهێنێ بۆ قیامەتی، ئەو کەسەش نیە واز لە قیامەت بهێنێ بۆ دنیا، تا دنیای دەست بکەوێ، چونکە هەریەکەیان لەوان

دەتگەیەنێتە ئەوەی تریان، بۆ ئەوەش نەبێتە ئەرك بەسەر خەڵکەوە پێشەوا عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) دەفەرموێت: ( يا أيها الناس أصلحوا معايشكم ، فإن فيها صلاحاً لكم وصلة لغيركم)[6]، واتە" ئەی خەڵکینە ژیانتان خۆش بکەن، چونکە ئەوە بۆ خۆشتان چاکەو دەشتان گەیەنێت بە جگە لەخۆتان".

خالیدی کوڕی صەفوان دەڵێت: ( خصلتان إذا حفظتهما لا تبالي ما صنعت بعدهما: دينك لمعادك، ودرهمك لمعاشك )( 7 ). واتە" دوو سیفەت هەیە ئەگەر پارێزگاریت لێکرد ئیتر لە هیچ شتێ باکت نەبێت، پاراستنی ئاینەکەت بۆ دواڕۆژت، پارەو سامانت بۆ ژیانو گوزەرانت.

الحافض ئیبن ئەبی دنیا: (ينبغي للعاقل أن يحب حفظ المال في غير إمساك ، فإنه من المروءة، يكف به وجهه، ويكرم به نفسه ، ويصل منه رحمه ) [8].واتە" پێویستە لەسەر مرۆڤی هۆشمەندو ژیر کە پێی خۆش بێتماڵو سامان بپارێزێت بەبێ چروکی، چونکە پاراستنی سامان

بەشێکە لە کەسێتی، تا بەهۆیەوە ڕووی خۆی لە سواڵ بپارێزێ، ڕێزی خۆی بگرێت، پەیوەندی خزمایەتی پێ بەجێ بهێنێت.

**ئازادی یەکێك لەبنەماکانی بەختەوەرییە :**

هەرگیز بەختەوەری بە واتا هەمەلایەن‌و گشتگیرەکەی لەژێر سایەی چەوسانەوەو زەلیلی‌و ژێر دەستەی‌و بەندایەتی بۆ جگە لە (ألله) بەرجەستە نابێت‌و نایەتە دی، لەبەرئەوە ئیسلام ئازادی بەیەکێك لەبەها سەرەکییەکانی کۆمەڵگە داناوە، یەکێك لەبنەما گرنگەکانی ئایینە، کۆمەڵێك بەڵگەی زۆر لەقورئان‌و فەرمودەی پێغەمبەر لەم بارەیەوە هەیە [9].

ئازادی پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بەهاتنەدی بەختەوەری بەبون‌و نەبونی:

أ- له رووی بوونی ئازادییەوە، پەیوەندی بەختەوەری بەئازادییەوە لەم لایەنانەوەیە:

**یەکەم:** لەگەڵ بوونی ئازادیدا بواری کارکردن فراوانو گەورەتر دەبێت، ئیتر جگە لە سنورەکانی جێگیرکراو بەشەرع، هیچ شتێك سنورداری ناکات، سەرەنجام دەرگاکانی کەسایەتیو بازرگانی کراوە دەبێتو بواری پەیداکردنی ڕۆزی زۆر دەبێتو ئەگەری سەرکەوتن گەورەتر دەبێت، ئینجا ئەگەر مرۆڤێك لەبوارێکدا سەرکەوتوو نەبوو دەچێتە بوارێکی تر تا کارێکی شیاو بەخۆی دەدۆزێتەوە.

ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ کردووە کە هەوڵدان بۆ گەڕان بە هەموو زەویدا، هەروەك خوای گەورە دەفەرمویێت: {**فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا**} [10]، دەفەرمویێت:{ **وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ** } [11]

.

**دووەم:** بێگومان داهێنان لەگەڵ ئازادیدایە، ئازادی لە هەرشوێنێ هەبوو، داهێنانو بەرەو گەشەکردن دەبێت، پێشکەوتن دێتە کایە، هەموو دەقە شەرعیەکانیش لەگەڵ ئەزمووونە مرۆییەکان جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە دەکەنەوە.

بەدڵنیایی دەقە شەرعیەکان لەم بوارەدا زۆرن کە هەندێکمان باس کردن، بەڵکو ئەم دەقانە بەرجەستەش کراون لە ڕوانگەی ژیانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾و سیاسەتی شەرعی دا کە ئازادی تەواوی بەخشیوە بە هەموو بوارەکانی کاسبیو بازرگانی حەڵاڵو دروست، سەرقاڵبوون بەکاری دەستو پیشەیی سادەش بەعیبادەتو پەرستش دانراوە، بەڵکو خراوەتە ئاستی تێکۆشان لەپێناوی خوای گەورەدا [12] لەگەڵ ئەوەی کەعەرەبەکان پێش ئیسلام زۆربەی کارو پیشەکانیان بەکەم زانیوە.

دەربارەی ئەزمونی مرۆیی ئەویش زۆرە، ئەزموونی ئابوریی شیوعیەت بەسە بۆ بەلگە هێنانەوە کەلە

یەکێتی سۆڤیەت ئەزمونکراو شکستێکی گەورەی هێنا، لەگەڵ ئەوەی توانای ماددی زۆرو ئاسانکراو بوو، لەجیهانی ئیسلامیشدا دەبینین هەرگیز داهێنانکاران لە سایەی دیکتاتۆریەتو ژێردەستەییدا ناتوانن داهێنانکاری بکەن، بەڵام کاتێك دەردەچنو دەڕۆنە جیهانێکی ئازادی هێزی داهێنانکاریان دەکەوێتە کارو بەرهەمی نوێ دروست دەکەن.

ئەمەش یاساو سوننەتی خواییە کە هەرکەس ڕێگەو هۆکارەکانی داهێنانو پێشکەوتن نەگرێتە بەر دوادەکەوێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {**لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ**} [13].

خوای گەورە نەی فەرموو: (أو يتوقف) واتە بوەستیت، فەرموی: هەرکەس لەئێوە بەدەست خۆیەتی دەیەوێت پێش بکەوێت یان دوابکەوێت، چونکە هەر خودی وەستانیش دواکەوتنە لەبواری چالاکی مرۆیی کەهەموان پێشبڕکێ دەکەن بۆ گەیشتن بەلوتکە.

**سێیەم:** خوای گەورە مرۆڤی بە ئازادی دروست کردووە، بۆیە هەرگیز دامرکاندنەوەو کۆتو بەندی پێ خۆش نیە، مەگەر کۆتو بەندێك کە بەقازانجو بەرژەوەندی بۆ خۆی دانرابێت، لەبەرئەوە ئازادیو خۆشەویستی ئازادی بەشێکی بنچینەییە لە پێکهاتەی مرۆڤ، بەبێ بوونی ئازادی ناتوانێت بەختەوەرو خۆشحاڵ بێت هەرچەندە ماڵو سامانی زۆریشی پێ بدرێت، بەڵکو گیانلەبەرو باڵندەکانیش زیندانو کۆتو بەندیان ناوێتو پێی نارەحەت دەبن، ئەی ئەبێت مرۆڤی ئازاد کە هەر بە ئازادی لە دایك بووە، ئەگەر کۆتو بەند بکرێت چۆن هەست بەسەرفرازیو بەختەوەری بکات؟

**چوارەم:** پرۆگرامی ئیسلام لەعەقیدەو بیروباوەڕدا لەئازادیدا، ئازادی ئەوەی بە مسوڵمان بە خشیوە لە ڕوانگەی باوەڕی دامەزراوی بەوەی کە هەموو کاروبارێك لەلای خوایە، بونی عەقیدە بەقەزاو قەدەر، کەوا لە مسوڵمان دەکات جگە لە خوای گەورە لەکەسی تر

نەترسێتو جگە لەخواش کڕنوش بۆ کەس نەباتو نەچەمێتەوە، بەندایەتی کردنی بۆخوا ئازادی کردوە لەوەی کەبەندایەتی بۆ کەسی تر نەکات.

**پێنجەم**: دەقە قورئانیەکان بەئاشکرا بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە پەیامی مرۆڤ لەزەمیندا (جێنشینیە) {**إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً** } [14]. ئاوەدانکردنەوەی زەویە:{**وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا** } (15).لەگەڵ بەندایەتی بۆ خوای گەورە، لەپێناو ئەمەشدا خوای گەورە ئازادی تەواوی بەمرۆڤ بەخشیوە لەبارەی مانەوەی لەسەر ئایینەکەی: {**لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ**}(16).دەفەرموێت: {**لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ** }(17) .ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە زەلیلی مرۆڤی ناوێت، نایەوێت ئازادی لێ زەوت بکات، یان زۆری لێ بکاتو ناچاری بکات تەنانەت بۆ ملکەچ بوون بەئاینی راستو ڕەوا.

هەموو ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەندازەی ڕێزی مرۆڤ لەئیسلامدا، ئەمەش بۆ ئەوەی پەیامی جێنشینی بەجێ بهێنێو زەوی ئاوەدان بکاتەوە، ئەمەش هەرگیز بەبێ بوونی ئازادی نایەتەدیو بەرجەستە نابێت.

ب- لەڕووی نەبونیشەوە، بێگومان نەبوونی ئازادی بەهەر هۆکارێك بێت سەردەکێشێ بۆ ئەم خاڵانە:-

1- هەست بە بەدبەختی کردن، هەست نەکردن بە ئاسودەییو بەختەوەری هەرچەندە بواری ئابورییو دارایشی بۆ ئاسان کرابێت، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، لەم بارەوە دەتوانین بڵێین: بەبێ بونی ئازادی بەختەوەری بونی نیە.

2- دەستەوەستانیو تەمبەڵی لەجێگەی داهێنانو کاری بەردەوامو پێشکەوتن، چونکە لەگرنگترین پاڵنەرەکانی داهێنان ئازادییەو بونی کەشو هەوایەکی ئازادو پاکە کەمرۆڤ تیایدا بەدبەختو زیندان نەبێت.

3- دواکەوتنو پاشکۆبوون: لەو باوەڕەدا نیم کەئەمڕۆ پێویستمان بە بەڵگە هێنانەوە بێت، لەگەڵ ئەو شتانەی

لەجیهانی ئیسلامیدا دەیبینین هەروەها لەجیهانی عەرەبیو جیهانی سێ دا.

## پوختەی قسە

ئازادی لەدیدی ئیسلامدا تەنها بەهایەکی مرۆیی یان کۆمەلأیەتی، یان ئابوریی نییە بەتەنها بەلکو بنەمایەکی مەزنە لەگرنگترین بنەماکانی ئیسلام، تا مرۆڤ بەختەوەربێت.

بتوانێت کار بۆ دنیاو دوارۆژ بکات، کار بۆ خودی خۆیو کۆمەلگەکەی، بەلکو بۆ هەموو مرۆڤایەتی بەگشتی بکات، هەموو ئەمانەش بۆ بەجێگەیاندنی پەیامی رەحمەتو بەزەییە بۆ جیهان، خوای گەورە بەو پەیامە دواهەمین پێغەمبەری ناردووە {**وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ**} [18].

## بەشی چوارەم

### بەختەوەری و گەشە پێدان:

بەختەوەری هەمە لایەنەو گشتگیر لەتێڕوانینی ئیسلامدا تەنها بە جێ بەجێ کردنی دروشمە ئاینیەکان (لەگەڵ گرنگیان) نایەتەدی، ئەمەش لەبەرئەوەی

کەچــەمکی بەختــەوەری لەئیســلامدا، دنیــاو دوا رۆژ دەگرێتــەوە، بەختــەوەری بــەرەنجامی سروشــتیە بــۆ هەردوو ســەرفرازییەکە، خۆ ئاشکراشـە مـرۆڤ تـەنها لـە (مادده) پێك نەهاتووە، تەنهاش گیان (روح) نیـە، بـەڵکو ئاوێتەی هەردووکیانە، لەبەرئەوە بەختـەوەری لـەدنیادا پێکهێنــەرێکی ســەرەکیە بــۆ بەختــەوەری، ئاشــکرایە بەختـــــەوەری‌و ئاســـــودەیی لەژیانـــــدا بریتییـــــە لەخۆشـــــگوزەرانی‌و جوانیـــــەکانی دونیـــــا، ئـــــەم خۆشـگوزەرانی‌و رەفاهیەتـە نایەتـەدی تـەنها بـەبونی گەشەپێدانێکی هەلایەنە نەبێت.

**<u>لێرەوە دەزانین پەیوەندی بەختەوەری بەگەشەپێدان لەدوو روانگەوەیە:</u>**

**<u>یەکـــــەم</u>** : بەختـــــەوەری بەرهـــــەم‌و شـــــوێنەواری گەشــەپێدانە، کــە بەهۆیــەوە خۆشــیەکان‌و حەڵاڵــەکان دەستەبەر دەکرێن بۆ مرۆڤەکان.

**دووەم** : مرۆڤـی بەختـەوەر ئـەو کەسـەیە توانـای بەرهـەم هێنـانو گەشـەکردنی هەیـە، بەپێچـەوانەوە مرۆڤـی خـەمبارو تەمبـەڵ، یـان گـیرۆدە بەنەخۆشـی دەرونـیو ڕاڕایـی هـەرگیز توانـای گەشـەپێدانی نیـە بـۆ خۆیو غەیری خۆی، بەڵکو ئەو نەخۆشـە یـان دەچێتە ریـزی نەخۆشـەکان کەپێویسـتی بـە دەرمـانو چارەسـەر هەیـەو دواجاردەبێتـە کـۆڵو بـارو ئـەرك بەسـەر کۆمەڵگەوە، لێـرەوە پەیوەنـدی بەختـەوەری بەگەشـەی ئـابوریی تاکـەوە، گەشـەی ئـابوریی دەوڵەتـەوە ئاشـکرا دەبێت.

بەختـەوەری لەدیـدی ئیسـلامدا پەیوەنـدی بەهـەموو بونـەوەرەوە هەیـە، چـەمکێکی مرۆییـەو بوارەکەشـی هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە .

ئایەتە قورئانیـەکان بەئاشکرا بەڵگەن لەسـەر ئـەوەی کـە بەختـەوەری بـە هـەردوو جۆرەکەیـەوە، لـەدنیاو دواڕۆژدا تایبـەت نیـە بـە گـەلێکی دیـاری کـراو، بـەڵکو هـەموو ئیمانـداران راسـتو ڕاسـتگۆ دەگرێتـەوە، بـەڵام

بەختــەوەری بــەواتا دنیاییەکــەی هــەموو بونــەوەرو مرۆڤایەتی (هەموو گەلو ئوممەتێك)دەگرێتـەوە کەئـەو گەلـە دەسـت بەیاسـاو ڕێسـا تایبەتەکانـەوە بگـرن کـە دەیانگەیــەنێت بەســەرفرازیو بەختــەوەری، هەرلــە گرتنەبـەری هۆکارەکـان، ئەمـەش لەبەرئەوەیـە چـونکە خـوای گـەورە لـە بەخشینی مـاڵو سـامانو خێـرو بێـرو بەختـەوەری دنیایـدا جیـاوازی لـەنێوان مسـوڵمانو نـا مسـوڵماندا ناکـات، بـەڵکو هـەموویان ڕەحمـەتی خـوا لەدنیادا دەیانگرێتەوە، خوای گەورە دەفـەرموێت: { **وَمَنْ يُرِدْ ثَوَابَ الدُّنْيَا نُؤْتِهِ مِنْهَا** } **آل عمران**145.واتـە" هـەر کەسـێ پاداشـتو خێـرو بێـری دنیـای مەبەسـت بێـتو هــەوڵی بــۆ بــدات ئێمــەش بەشــی دەدەیــنو پێــی دەبەخشین" هەروەها دەفەرموێت: {**لِلَّـذِينَ أَحْسَـنُوا فِـي هَـذِهِ الـدُّنْيَا حَسَـنَةٌ وَأَرْضُ اللَّـهِ وَاسِـعَةٌ** } **الزمـر**10." ئەوانـەی لـەدنیادا بەشـوێن قـازانجو چـاکەدا دەگـەڕێنو چـاکە دەکـەن، بەشـیان لەچـاکەدا هەیـە، زەوی خـواش فراوانەو بەشی باوەڕدارو بێ باوەڕیش دەکات".

بۆیە بەختەوەریو خۆش گوزەرانی لەسایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا تایبەت نیە بەمسوڵمانو نامسوڵمانی لێ بێبەش ناکرێت، ئەزمونە ئیسلامیەکانیش شایەتی ئەم ڕاستیە دەدەن، (ئەبو عوبەید) لە (ألأموال) دەگێڕێتەوە کە: عومەری کوڕی خطاب (ر.خ) سەرانەی لەسەر نامسوڵمانانی بەتەمەن لابردبوو، بەڵکو پیرو بەتەمەنەکانیان لەبەیتولمالی مسوڵمانان یارمەتیان بۆ دانرابوو[1].

لەگێڕانەوەی (ئەبی یوسف) دا : عومەر بەئەمینداری بەیتولمالی فەرموو : (بگەڕێ بە بەهاو وێنەی ئەم پیاوە پیرەدا و یارمەتیان بدە سوێند بەخوا ئێمە بەویژدان نین ئەگەر بەری گەنجیان بخۆینو لەپیریدا پشت گوێیان بخەین)[2].

ئەمە بەڵگەیەکی ڕۆشنە کە ئیسلام بەختەوەری بۆ هەموو مرۆڤێك دەوێت کەخۆی بەشوێنیدا بگەڕێت، بەڵکو بۆ هەموو گیانلەبەرێك هەر بۆیە خوای گەورە ناوی پێغەمبەری بردووە بە ( **رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ** )

دەفــەرمویت : {وَمَــا أَرْسَــلْنَاكَ إِلَّــا رَحْمَــةً لِّلْعَــالَمِينَ } الأنبياء107 .

**بەختەوەری چەمکێکی مرۆیی هاوسەنگە :**

أ- بەختـــەورەی چـــەمکێکی هاوســـەنگە، هـــەردوو بەختـــەوەری دنیـــاو دواڕۆژ دەگرێتـــەوە — هـــەروەك ئاماژەمان پێکرد — .

ب- چـەمکێکی مرۆییـە، ئیسـلام مەشـخەڵو نیشـانەو مەرجو ڕێساکانو چوارچێوەی بۆ دیاری کردووە، هەموو کەسێك لەتوانایدا هەیـە مەرجـەکان جێ بـەجێ بکـاتو

**بەختـــەوەرو خۆشـــحاڵو ئاســـودە دەبێـــت، خێـــرو بەختەوەری ژیان لەدیدی ئیسلامەوە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتـــەوە: {وَمَـــا أَرْسَـــلْنَاكَ إِلَّـــا رَحْمَـــةً لِّلْعَالَمِينَ} الأنبياء107.**

**ج- لەدیدی ئیسلامدا بەختـەوەری، بەختـەوەری تـاكو كۆمەڵ دەگرێتەوە، چونكە ئیسلام قبوڵی ناكات مرۆڤێك لەخێرو خۆشیو خۆشگوزەرانیدا بژیت.**

**لەبەرامبەردا خەڵكێكی تـر برسـیو تینـو بەدبـەختو لەئازاردا بژین هەروەك پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویـەتی:** (مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثـل الجسـد الواحد أذا أشتكى منه عضو تداعي له سائر الجسد بالسـهر والحمي)[3].

**بـــەڵكو دەوڵەمەنـــدەكان لـــەڕۆژی قیامەتـــدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەكرێت بەرامبـەر ئەوكەسـانەی لەبرسـێتی دا مـردونو ئـەوان توانـای رزگاركردنیـان هەبووە و بەو ئەركە هەڵنەستاون.**

**پێغەمبەریش (ﷺ)فەرمویەتی: هەر کۆمەڵێك کەسێکی برسی لەنێوانیاندا هەبێتو بەهانایەوە نەچێت لەژێر سایەیی رەحمەتی خوا دەردەچن[4].**

**لەکۆتایدا سوپاس بۆ خوای بەدیهێنەری جیهانیانو درود لەسەر گەورەمان محمد (ﷺ)و یارو یاوەرانی بەگشتی.**

کۆتایی

سوپاس بۆخوای هەموو

بونەوەری ئاسمان و زەوی

**پێڕست**


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | پێشەکی | 3 |
| 2 | بەشی یەکەم:<br>(بەختەوەری) لەقورئانو سوننەتدا<br>(ماناکەی و شوێنی لەئابوریی ئیسلامیدا) | 13 |

| | | |
|---|---|---|
| 3 | بەشی دووەم<br>جیاوازی لەنێوان (بەختەوەری) (فـەلاح) لەسیسـتەمی ئیسـلامیو سیسـتەمە دەستکردە مرۆییەکاندا: | 36 |
| 4 | هۆکارەکانی بەختەوەری | 41 |
| 5 | بەشی سێیەم (لایەنی ئابوریی بەختەوەری) | 48 |
| 6 | بەشی چوارەم<br>(بەختەوەری و گەشەپێدان) | 59 |


**سەرچاوەکانی بەشی یەکەم**

---

(1) سورة المؤمنون / الآية 1

(2) لسان العرب ، والقاموس المحيط ، والمعجم الوسيك مادة ( فلح )

(3) سورة المؤمنون / الآية 1

(4) تفسير الماوردي ط. أوقاف الكويت ( 92/3)

(5) سورة العنكبوت / الآية 64

(6) المفردات للراغب الأصفهاني ط. دار المعرفة ببيروت ص 384

(7) سورة الأعلى / الآية 14

(8) سورة الشمس / الآية 9

(9) سورة طـه / الآية 64

(10) سورة طـه / الآية 64

(11) سورة الكهف / الآية 20

(12) سورة البقرة / الآية 189

(13) سورة الحج / الآية 77

(14) سورة الأعراف الآية 69

(15) سورة لأنفال / الآية 45

(16) سورة الجمعة / الآية 10

(17) سورة النور/ الآية 31

(18) سورة الأنعام / الآية 21

(19) سورة يونس / الآية 17

(20) سورة طـه /الآية 69

(21) سورة يونس / الآية 77

(22) سورة المؤمنون / الآية 117

(23) سورة يونس / الآية 69

(24) سورة النحل / الآية 116

(25) سورة المؤمنون / الآية 1 ـ 9

(26) سورة العنكبوت / الآية 45

(27) تفسير الماوردي ( 93/3)

(28) مجلة Reinsutance عدد كانون الثاني 1990 بقلم Alex Beaty

(29) سورة الأعلى / الآية 14 ـ 15

[30] تفسير الكاوردي ( 440/4)

(31) سورة الشمس / الآية7 ـ 10

[32] تفسير الماوردي (464/4)

[33] سورة آل عمران / الآية 130

[34] تفسير الماوردي (344/1) فقال : ( وهو أن يقول بعد حلول الأجل : إما أن تقضي ، وإما أن تربى ، فإن لم يفعله ضاعف ذلك عليه ، ثم يفعل كذلك عند حلوله من بعد حتى تصير أضعافاً مضاعفة )

[35] سورة المائدة / الآية 90

[36] سورة المائدة / الآية 100

[37] سورة الأعراف / الآية 69

[38] سورة الحج / الآية 77

[39] سورة الحج / الآية 77

[40] سورة الجمعة / الآية 10

[41] تفسير الماوردي (4/ 237 – 238)

[42] سورة الحشر / الآية 9

[43] سورة القصص / الآية 67

[44] يراجع : المعجم المفهرس لألفاظ الحديث النبوي مادة ( فلح )

[45] رواه البخاري في صحيحه ، كتاب الصوم ـ مع فتح الباري ـ ( 102/4) وأحمد ( 162/1)

[46] رواه أحمد (147/5)

**سەرچاوەکانی بەشی دووەم**

[1] **سورة ألأنفال / الأية** 24 .

[2] **سورة العنكبوت / الأية** 64 .

[3] سورة أل عمران / الأية 185 .

[4] فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بخاری گێڕاوێتیەوە .

[5] سورة الأنفال / الأية 45 .

[6] سورة الأعلاف / الأية 69 .

[7] سورة الأنسان / الأية 9 .

[8] سورة الحج / الأية 77 .

[9] سورة الجمعة / الأية 10 .

[10] سورة الملك / الأية 15 .

[11] فەرموودەیەکی تری ترمزی گێڕاوێتیەوە (کتاب زەکات) – لەگەڵ تجفة الأحوذي – (317/3) لەفەرمودەی عبداللهی کوری عمرو وەفەرمویەتی (وفي الباب عن أبي هريرة، وحبشي بن جنادة، وقبيصة بن المخارق) ثم قال : (حديث عبدالله بن عمرو حديث حسن) ورواه أبو داود والدارمي، وأحمد في المسند (192/2) .

## سەرچاوەکانی بەشی سێیەم

[1] سورة البقرة / الآية 201

[2] سورة النحل / الآية 30

[3] سورة العاديات / الآية 8

[4] رواه البخاري في الأدب المفرد ص 132 وأحمد ( 197/4 ، 202)

(5) اصلاح المال لابن أبي الدنيا ، تحقيق ودراسة مصطفى القضاة ط. الوفا ص 16، وكشف الخفا للعجلوني (238/2) والحاوي للسيوطي ( 89/2)

[6] المصدر السابق ص 175 ، 178

[7] المصدرالسابق ص 175 ، 178

[8] اصلاح المال لابن أبي الدنيا ص 171

[9] يراجع لمزيد من التفصيل : الشيخ محمد الغزالي : حقوق الإنسان ط. دار الكتب الحديثة بالقاهرة 1965 ود. محمد فتحي عثمان : حققوق الإنسان ط. دار الشروق ، ود. هاني طعيمات : حقوق الأنسان ط. الشروق م عمان 2001

[10] سورة الملك / الآية 15

[11] سورة الزمر /الآية10

[12] يراجع : كتب السنة في هذا المجال ، ويراجع للتفصيل : إصلاح المال لابن أبي الدنيا ، تحقيق مصطفى القضاة ط. الوفاء ص 137 إلى آخر الكتاب

[13] سورة المدثر / الآية 37

[14] سورة البقرة / الآية30

[15] سورة هود / الآية61

[16] سورة البقرة / الآية256

[17] سورة المدثر / الآية 37

[18] سورة الانبياء / الآية 107

## سەرچاوەكانى بەشى چوارەم

[1] **كتاب الاموال لابي عبيد(ت 224 ه)تحقيق محمد خليل هراس.ط قطر ص52**

[2] **الخراج لابي يوسف ط. السلفية 1352 ه .لا152**

[3] **الحديث رواه البخاري – مع فتح الباري- (367/10) ومسلم الحديث رقم 2586**

[4] **رواه احمد في مسندة (33/2)**